# حەللاج لە شیعرە فارسییەکانی مەحوی دا





سەبور عەبدولکەریم (شکار)

بە هەمان شێوەی شیعرە کوردییەکانی، لە شیعرە فارسییەکانی مەحویدا، حەللاج ئامادەبوونێکی بەرچاوی هەیەو لە چەندین شوێندا دەردەکەوێت، کە ئەمە دیارترین ئەو دەرکەوتنانەیە:-

مەحوی لە شیعرێکدا، کە بە پاشبەندی (بیا) واتە (وەرە) یان بەواتایەکی دی (ببینە) کۆتایی دێت، بەم شێوەیە و لە باسی عیشقی مەجنونەوە دەچێتەوە بۆ باسی حەللاج:

(دورباش) غمزەراند گرچە مجنون را بدشت

جلوەاش گوید بسوی خیمە لیلی بیا [1]

واتە، گەرچی لەیلا (یار) بەدەم نازی ئاماژەکردنەوە بەرەو دەشت و دێوانەیی و تەنهایی (دووربکەوەرەوە)م لێدەکات و بەڕێم دەکات، بەڵام جیلوەکەی -واتە جیلوەی یار- پێی دەڵێت بەرەو دەوارەکەی یار وەرەوە یان سەیری بکەو ببینە. کە وادەزانین لێرەدا ئەم لەیلاو مەجنونە بەمانا مرۆڤانەکەی نییە، کە لە زۆر شوێندا پێشتر هەر لای مەحوی بینیمان، بەڵکو ئەم لەیلایە لێرەدا مانایەکی عرفانیی هەیەو مەحوی مەبەستی لێی خوایە وەك چۆن لە بەیتێکی کوردیدا دەڵێت:-

ئەوا لەیلا بەڕۆژی حەشر ئەدا وادەی لیقا (مەحوی)
هەتا قامی قیامەت، ئاە و واوەیلا نەکەم چبکەم![2]

لێرەدا لەیلا مەبەست لێی خوایە، بەڵگەشمان ئەوەیە، کە ئەو پارچە جگە لەوەی سەراپا شیعرێکی عرفانیی بڵندە پێشی بەبەیتێك دێت، کە مەحوی نەك هەست دەکات لە یارانی ڕێی حەقیقەت بەجێماوە، بەڵکو داوای مردن دەکات، کە ئەوە تاکە ڕێگایەتی و لە ئازاری جیلوەو دابڕانی لە یار (خوا) ڕزگاری دەکات:-

بەجێ ماوم لە یاران، نابەجێ ماوم، ئەجەل زوبە
بەمردن لەم قوصوری ژینە ئیستیعفا نەکەم چبکەم![3]

لە بەیتە فارسییەکەشدا مەحوی دەڵێت لەیلا (خوا) گەرچی لەلایەکەوە خۆی بەئازاری دابڕان و غافڵبوون لێی دوورم دەخاتەوە، کەچی لەلایەکی ترەوە بە جیلوەو دەرکەوتنی دووبارە بەرەو خۆی بانگم دەکاتەوە. دواتر مەحوی دێتە سەر باسی حەللاج:

مرد میدان محبت دید چون منصور را
عشق با تعظیم گفتش شاه من بالا بیا[4]

لێرەدا مەحوی دەڵێت: چونکە عیشق مەنصوری (واتە حەللاج)ی وەك مەردی مەیدانی مەحەبەت هاتە بەرچاو، بەگەورەییەوە وتی شای من بەرەو باڵاو بەرزی وەرە، مەبەستی ئەوەیە، کە کەوتە مەیدانەکەوە ئیتر عیشق بەرە شاهی و بڵندبوونەوەی برد. لێرەدا جگە لەوەی مەحوی (مەنصور) لە(ناو)ەوە دەکات بە(حاڵ)، واتە مەنصور لای واتای سەرخراو و بڵندکراوە وەردەگرێت، کە لای شاعیرە عارفە فارسەکان وەك پێشتر باسمانکرد وا سەیر دەکرێت. جگە لەوە مەحوی بەڕوونی دەڵێت، ئەوە خوایە، کە مەنصوری کردووە بە مەنصور و سەرخراوەو بۆ لای خۆی بانگ کردووە و ئەو بەرپرس نییە لەو کارە، واتە مەحوی دووپاتی بەرگرینامەکەی دەکاتەوە، کە پێشتر وتی:-

لەبەرداری حەدا (خودا) من بم ئەتۆ مەست
دە قاضی حەق بڵێ، تو (حەق) چ بەردار[5]

هەروەها مەحوی لە پارچەیەکی تری شیعرە فارسییەکانیدا، کە بەگشتی باسی ئازارو دەردی دووری لە یار یان نزیکی و ئازاری نزیکی دەکات، ئەمە بەرەو باسی حەللاجی دەهێنێت و دەڵێت:-

شه عشقش برون أورد منصور از بن زندان
برو بردار گفتش عالم سیرو صفا بنگر[6]
لێرەدا مەحوی وەك لە بەیتێکی کوردیدا، کە وتی:-
لە ئولکەی عیشقەدا بێ چوونە سەردار
بە ئاسانی مەزانە بوونە سەردار

لێرەشدا مەحوی بینینی سەیرو سەفای ڕۆح و بینینی ڕازو نهێنییە گەورەو بڵندەکان بەچوونە سەر دار دەبینێ و ئەوەش دەبێت شای عیشق (خوا) بیکات و لێرەدا مەحوی دەڵێت، شای عیشق (خوا) مەنصوری لە بنی زیندانی ژیان و ژیانی مادی دونیاو جەستەدا دەرهێناو پێیوت، بچۆرە سەردار تا جیهانی چوون (سیر) و پاکی (صفا) بەواتایەك یان سەیرو سەفا واتە جیهانی گەشتوگوزاری ڕاستەقینەی ڕۆحی مرۆڤ ببینێت

بەواتایەکی گشتیو قوڵ بینانە.

لێرەشدا مەحوی دووپاتی دەکاتەوە، کە خوا حەللاجی لە بن زیندانی مادیگەری و دنیای بەرتەسکی ژیان و جەستەوە دەرهێناوەو بردوویەتییە سەر داری نیشاندانی دنیای گەشتوگوزاری نهێنییە هەرە جوان و باڵاکانی خواوبوون و ژیان. کەواتە مەحوی لێرەشدا بەناڕاستەوخۆو بەڕوونی بەرگری لە حەللاج و وتنـــی (أنا الحق)ەکەی دەکات.

هەروەها یەکێك لەو بەیتە بەهێزانەی مەحوی، کە ئاماژەیەکی قوڵی بەحەللاج تێدایە، ئەوەیە، کە دەڵێت:-

بگفتا چون سوی دار البقاشد حضرت منصور

نبود از دار دنیا جز همین یك دار مارا بخش [7]

پێش چوونە سەر واتاو لێکدانەوەی بەیتەکە، دەبێ بڵێین، ئەم پارچەیە کە بەپاشبەندی (بخش) واتە بەخشین دێت، سەراپا شیعرێکی سۆفیگەری و عرفانییەو مەحوی لە سەرەتاو کۆتاییدا داوای لێخۆشبوون لە خوا دەکات و یەکێك لەو شتانەی کە مەحوی لەسەری داوای لێخۆشبوون دەکات ئەوەیە، کە وەك حەللاجی کردووەو چووەتە سەردار. مەحوی لە بەیتی پێش ئەوەدا دەڵێت:-

اگرچه روسیه از معصیت هستم تو غفاری

باین جسم نزارو نالهای زار مارا بخش

لێرەدا مەحوی، جگە لە داننان بە ڕووڕەشیو گوناهباریی خۆیدا، بەڵام تۆ (خوا) لێبووردەو خۆشبوویت لە گوناهی بەندەکانت و مەحوی داوا دەکات بەو لەشە لاوازەو ناڵینە پڕ زارو گریانەی بیبەخشی و ئینجا مەحوی، لەوە تێگەیشتووەو پێگەیشتووە، کە تەنها ڕێگای پاش هۆشیاربوونەوەی مرۆڤ لە کەموکورتی، بەجێهێنانی مافی بەندایەتی و چوون بەرەو (بەقا)یە، بۆیە دەڵێت:-

بگفتا چون سوی دار البقاشد حضرت منصور

بڵێ بۆیە مەنصور بەرەو داری بەقا، کە مەبەست لێی ژیانی دوارۆژە ڕۆیشت، چونکە:

نبود از دار دنیا جز همین یك دار مارا بخش

لەبەر ئەوەی لەم داری دونیایە - مەبەست ئەم ژیانەیە - جگە لەو دارە - داری عەشقو بڵندبوونەوەو چوون بەرەو خواو خۆبەکوشتندان وەك حەللاج- داری تر واتە ماڵ و پەنایەکی تر نەبوو. لێرەدا چەند مەسەلەیەك جێگەی هەڵوەستە لەسەرکردنە:-

یەکەم: مەحوی کە دەڵێ (بڵێ) لێرەدا (خود)ی مەحوی داوای ڕوونکردنەوەی هەڵوێستی حەللاجی لێدەکات بۆ (خەڵك و خواش)، بۆ خەڵك بەوەی کە ئەم دنیا کاتییەو کورتە تەنها یەك ڕێگای تێدابوو بۆچوون بەرەو ژیانی جاویدانی، ئەویش بە چوونە سەرداری عیشقی خوابوو. بۆ خواش داوای لێخۆشبوون و بەخشین دەکات، کە نەوەك لەلایەك لەو کارەدا کەموکورتی و فەرمان شکاندنێکی خوایان ئەنجام دابێت، یان لەلایەکی ترەوە، کە وادەزانین ئەمەیان بەهێزترە وەك مەنصور ڕازو نهێنیی بڵندی حەقیقەت و عیشقی خوایان خستبێتە بەردەم خەڵکی نەشارەزاو عەوامی وەك حەللاج و بەوەش بێ فەرمانی خوایان کردبێت و بۆپاکبوونەوەش خوا هەر لەم دونیادا دووچاری ئەم ئازارو ناڕەحەتییە گەورەی کردبێت، کە ئەمە باوەڕی زۆرینەی عارف و سۆفییەکانە لەسەر حەللاج.

دووەم: مەحوی وەك پێشتر باسمانکرد، کە (دار) لەلای زۆر ئامادەیی هەیەو واتای قوڵی هەیەو زۆرجار

بەراوردی دەکات بە (بەرد)[8]، لێرەشدا (دار) لەلای زۆر بەقوڵی بەکاردێت و لە ڕێگەی دوالیزمەی (دار الدنیا)، یان (دار الفناو) کە عارفەکان ناوی لێ دەنێن و (دار البقا)ەوە، واتایەکی نوێ لە (دار) دروست دەکات و (دار) لێرەدا دەکاتە پردێك بۆ پەڕینەوە لە دار –واتە ماڵ و خانە، لە زمانی عەرەبیدا-، لە داری دونیاوە بۆ داری بەقا، واتە ماڵ و خانەی مانەوەو جاویدانی و نەمری. ئەم بەکارهێنانەی (دار)ە لێرەدا هێندە بەهێزە وەك ئەوەی لەم دونیادا هەموو شتەکان نەبوو (عدم)بن و تەنها شتێك، کە هەبێت تەنها ئەم یەك دارە بێت، ئەویش مەبەستی لەسەرکردنە بەماڵی عرفان و سۆفیگەریدا، کە دەتگەیەنێت بەسەرداری و بڵندی وەك حەللاج.

هەر ئەم باسی دارو حەللاجە، دەمانبات بەرەو پارچەیەکی تری فارسیی مەحوی، کە لەگەڵ باسکردنی حەللاجدا دنیایەکی حەللاجیانە لە سەراپای شیعرەکەدا دەبینین، کە بەباشی دەزانین سەرەتا شیعرەکە وەربگێڕینە سەر زمانی کوردی و ئەوکات لێکدانەوەی بۆ بکەین:




حذر زدام بلاکن، بزلف یار مپیچ
نبوده تاب کمندت بکارزار مپیچ1
بدشت یأس دل آسودەگرد چون مجنون
چو کوهکن بسر کوه أنتظار مپیچ2
ز نارسائیت از چشم جوی خون رانی
در این چمن بسهی سروجویبار مپیچ3
جامه خشنت بوی عشق نی زاهد
چو خارپشت خودت در لباس خارمپیچ4
دهن ببند بلاجویی است حق گویی
بدار دست زمنصوریت،بدار مپیچ5
خطش سپاه بلا، دام صد قچا زلفش
ز جوش دور حڑر صد حذر بمار مپیچ6
مخور فریب باین عنکبوت نفس خسیس
تو باز دست شهی چون مگس بتار مپیچ7
شکست طرز بجامانده تیرەگی خیز است
چو بادگرد زجا بر بخاکسار مپیچ8
مباش منتظر جلوه رخش (محوی)
تو مشت خار باین برق شعله بار مپیچ9

سەرەتا پێش چوونە نێو لێکدانەوەیەکی ڕەخنەیی بۆ ئامادەیی حەللاج لە پارچە شیعرەکەدا، وادەزانین باش وایە سەرنج لە چەند وشەو دەستەواژەیەك بدەین، وەك (داوی بەڵا، زوڵفی یار، گوریسی کەمەند، داری سەروو، داری دەست، دار، تاری جاڵجاڵۆکە)، هەروەها سەرنج بدەین لە وشەو دەستەواژەکانی (دەشتی نائومێدی، کێوی چاوەڕوانی، جۆگەی خوێن، ناسازگاری و لێڵی، کاڵای درکاوی، مار، بازی شاهانە، کونە با،خۆڵەمێش، مشتێ درك، بروسکەی ڕۆشنایی بارێن)، هەروەها سەرنج لە زەنگی ئاگادارکردنەوەی وشەی (مپیچ) بدە لە سەراپای ئەم شیعرەدا ئاگادارکردنەوە لە مەترسی دەبارێ.

لە سەراپای ئەم شیعرەدا خۆڵەمێشی سووتانی (حەللاج-عاشق) بەسەر هەموو شاخ و دۆڵ و بەرزی و نشێوی شیعرەکەدا پڕاوە، دێرە حەللاجییەکە، کە مەبەستمان لێی:-

دهن ببند بلا جويى أست حق گويى

بدار دست ز منصوريت، بدار مپيچ [9]

كە دەكەوێتە ناوەندی پارچە شیعرەکەوە، واتە دەکەوێتە بەیتی پێنجەم کە دەکرێ بەناوەند دابنرێت، بۆ شیعرێك، کە نۆ بەیتە، بەڵام پەیوەندییەکی سەیری بەسەرەتاو کۆتایی و بەڵکو سەراپای شیعرەکەوە هەیە، بەیتی سەرەتا کە بریتییە لە:-

حذر ز دام بلاكن بزلف يار مپيچ

نبوده تاب كمندت بكار زار مپيچ [10]

سەرەتا هۆشیاریدان بەبەرامبەر تەنها لە وشەی (ئاگاداربە-حذر)دا بە قوڵی دەرناکەوێ، بەڵکو لە چەند شتێکی تردا بە قوڵتر هەستی پێ دەکرێت، وەك ئەوەی کۆتایی شیعرەکە بەپاشبەند (ردیف)ی (مپیچ) دێت، گەر ئەوە لە نیوەدێڕی دووەمدا بەکارهاتبێت، ئەوا لە بەیتی یەکەمدا، هەر لە دێڕی یەکەم و لە دێڕی دووەمیشدا (مپیچ) بەکارهاتووە، چونکە وەك لە بەیتی یەکەم و پێنجەمدا دەبینرێ (بلا-بەلا) لەرێدایە، بۆیە تۆ کە گوریسی کەمەندت پێ نییە بۆ بەرگری لەبەرامبەر دیتنی دیداری یار، ئەوا مەرۆ و خۆت لە باسکردنی ئەزموونت لەگەڵی بپارێزە، چونکە ئەوکاتە، کە جیلوەی دیداری یار دەبینی، ئیتر لە مەستیدا خۆت پێ ناگیرێ و حەقیقەتەکە ئاشکرا دەکەیت و ئەوکات بە داردەستی (منصور)ی خۆت، خۆت بە داری سێدارە هەڵدەواسی و دەپێچی.

ئێستاش تێدەگەین، کە سەرەتا وتمان سەرنج بدەن لە وشەو دەستەواژەکانی (داوی بەڵا، گوریسی کەمەند، داری سەروو، داری دەست، دار، تاری جاڵجاڵۆکە) کە هەمووی تۆرێکی پێکەوە بەستراوە بەرەو دەرخستنی دارو لەسێدارەدانی حەللاج و دەرخستنی کەوتنە تۆری یار دەسەلمێنێ.

ڕاستە ئێمە (تۆ) لەم دونیا نائومێد کەرەدا بەدوای ئومێدی باڵاو بەختەوەری ڕاستەقینەو بێ سنوریو ڕووناکترین ڕووناکیو جوانترین جوانی و ژیان بەمانا ڕاستەقینەکەی دەگەڕێین، بەڵام دواجار پێویستە بەو ڕاستییە بگەین، کە ئەوە لەم ژیانە سنووردارەدا بەدەست نایەت، بۆیە:-

بدشت يأس دل آسودەگرد چون مجنون

چو كوهكن بسر كوه انتظار مپيچ[11].

لە سۆفیگەری و عرفاندا مرۆڤ دەبێت خۆی (دەروونی) بەجێ بهێڵێ و بەدوای سۆراخی خولیا باڵاکانی لە گەیشتنی بەبێ سنوری و ژیان بە مانا ڕاستەقینەکەی و دارنینی هەموو کەموکورتییەکان و مردن بڕوات، بۆیە ئەو دەبێتە ڕێبوار - سالك - جگە لەو ڕێبوارییە، کە چوون بەرەو ئاسودەیی و مایەی ئاسودە بۆهاتنیەتی، شتەکانی تر بەدەشتی نائومێدی دەبینێ، وەك فەرهاد نییە، کە خەریکی داتاشینی کێوی چاوەڕوانی شیرین بێت.

عارفەکان، کە جیلوەی یاریان دیوە، بێ ئەو هەڵناکەن و توانای چاوەڕوانییان نییە، چاوەڕوانی کردنی تەنانەت بەهەشت و خۆشییەکانیو دیتنی یار (خوا) لەوێدا بۆیان ئارامی بەخش نیە، بەڵکو ئەوان دەیانەوێ (یار) هەمیشە لەبەرچاویان بێت و لەنێو چرکەساتەکانی ژیان و مردن و ژیانی هەمیشەییشدا چاویان لێی بێت نەك چاوەڕێی بکەن، کاری عیشق ئاسان نییە و گۆڕینی چاوەڕوانی بەبینینی هەمیشەیی زۆر زەحمەتە، چونکە:-

زنارسائيت از چشم جوى خون رانى

در اين چمن بسهى سرو جويبار مپيچ (194)

لە ناسازگاریو لێڵیی خۆتەوە ناتوانی جۆگەی خوێنی عیشقی ڕاستەقینە ببینی، چونکە ئەوێ مەملەکەتێکە

کاتێك دەبینرێت، کە نەتەنها وەك سوپهەری دەڵێت: دەبا چاوانمان بشۆین، ئەوکات سەیری دونیا بکەین[12]، بەڵکو دەبێت پێشتر دڵ و ناخمان بشۆین ئەوکات چاومان توانای بینینی ئەوێی دەبێت، بۆیە پێش گەیشتن بەو حاڵ و مەقامە خۆت لە قەدی داری سەروی سەرجۆگاوە -کە زیاتر پێدەچێت مەبەستی (جوی)ی دێری پێشتر و جۆگەی خوێنی عیشق بێت- هەڵمەواسە، چونکە:

زجامه خشنت بوی عشق نی زاهد
چوخارپشت خودت در لباس خار مپیچ [14]

ئەی (زاهد-تۆی بەرامبەر)، تێمەکەوەو رواڵەت بین مەبە و وامەزانە بەرواڵەت گۆرین دەگەین بەحەقیقەت و یار، تۆ، کە بۆنی عیشق لەجلوبەرگە رواڵەتپۆشە زبرەکەت نەبیت، ئیتر بۆچی خۆت ئازار دەدەیت و کاڵای درکاوی وەك ژیژك لەبەر دەکەیت؟

پاش ئەوەی (زاهد- سۆفی- رواڵەتبینەکان- تۆی بەرامبەر) ئەم حەقیقەتەی سەرەوەتان پێ راگەێنراو هۆشیار کرانەوە، وەك ئەوەی ئەمجارە بەراستی دڵ و ناخمان شۆردبێت لە چاوەروانیو رواڵەتخوازی، ئەوکاتەش یار (خوا) جیلوەی خۆی نیشاندابیت و بووبێتە هاورازت و بەبینینی مەستبوویت، ئەمجارە:

دهند ببند بلا جویی است حق گویی
بدار دست زمنصوریت، بدار مپیچ [15]

لێرەدا چەند مەسەلەیەك جێی سەرنجە:

<u>یەکەم</u>: وەك پێشتر وتمان ئەم بەیتە کە ناوەندو ناوەراستی پارچە شیعرەکەیەو باسی حەللاج دەکات، پەیوەندیی قوڵی بە بەیتی یەکەمەوە هەیە، کە دەڵێت:-

حذر زدام بلا کن، بزلف یار مپیچ
نبوده تاب کمندت بکارزار مپیچ [16]

بۆیە بێدەنگ بەو حەق ئاشکرا مەکە، چونکە ئاشکراکردنی حەق بەڵایە بۆت و تۆش کە کەمەندی بەرگری کردن لە خۆت لە بەرامبەر ئەو رووداوە گەورەیەت نییە مەچۆو بەمەنصور بوونت واتە سەرکەوتنو بڵندبوونەوەی رۆحت، مەکە بەداری سێدارە بۆ خۆت.

<u>دووەم</u>: دەردەکەوێت، کە مەحوی هاورایە، لەگەڵ ئەو کۆمەڵە سۆفی و عارفەدا —کە زۆرینە پێکدەهێنن- حەللاج بە عارف و خواناس دەزانن، بەڵام سەرزەنشتی دەکەن، لەو رووەوە کە نەدەبوو ئەو رازو حەقیقەتە گەورەو باڵایانە بخاتە بەردەم خەڵکی ئاسایی و عەوام.

<u>سێیەم</u>: مەحوی وەك فارسەکان —نەك عەرەبەکان- ناوی (مەنصور) لەبری (حەللاج) بەکار دەهێنێت، کە ئەمەش دەلالەت و واتای ئەوە دەگەیەنێ، کە ئەوان پێیان وایە حەللاج گەرچی کوژراو لەناوبرا، بەڵام لەراستیدا ئەو (مەنصور- سەرکەوتوو)ە.[17]

مەحویش لەم بەیتەدا نەك مەنصوری بەکارهێناوە، بەمانای سەرکەوتوو، بەڵکو بوونی تۆیە بە (مەنصور- سەرکەوتوو)، کە تۆ بەهۆی ئەو سەرکەوتن و بڵندبوونەوەو بینینی جیلوەو رازەکانی یار (خوا)ەوە، مەست بوویت، بۆیە بەئاگابەو بێ دەنگ بە.

<u>چوارەم</u>: وردەکاری لە بەکارهێنانی (داردەست)دا وەك ئەوەی مەحوی بڵێ، بەبێ (گۆپاڵ-داردەست)ی جیلوەو خۆشەویستی و عیشق ناتوانین ئەم رێی ژیانە ببرین. وا دەزانین ئەوە وەك عەساکەی موسا وایە، کە

لەبارەیەوە وتی، (هی عصای أتوكأ عليها) واتە، ئەوە گۆپاڵەکەمە، کە بۆ پشوودان لە ماندوویەتیی ژیان خۆم بەسەریدا دەدەم. بەڵام وریابە گۆپاڵەکەت لەبەرچاوی خەڵکدا گەورەمەکەو مەیکە بە داری لەسێدارەدانی خۆت، بەدیدێکی تردا مەحوی دەیەوێت هەموومان داری لەسێدارەدانی حەللاج بچوك بکەینەوەو بیکەین بەدار دەست و گۆپاڵ، نەك نائاگایانە گۆپاڵەکەی خۆمان گەورە بکەین و بیکەین بە داری سێدارەو خۆمانی پێدا هەڵواسین.

مەترسیی مەحوی ڕوو لەزیادبوون دەکات و دەڵێت:-

خطش سپاه بلا، دام صد قضا زلفش

زجوش دور حذر صد حذر بمار مپیچ(18)

جیلوەکانی یار ترسناکن و سوپای بەڵایە بۆ تۆی نائامادە، داوی زوڵفی سەد قەزاو قەدەرە، وریابە لە دەوری مەترسی وەك مار ترسناك خۆت مەپێچە. هەر لێرەشدا وردەکارییەك و پێوەندییەکی سەیر لەنێوان (کەمەند- داری دەست- داری سێدارە- داری سەروو- مار)دا دەبینرێت.

دواتر مەحوی دەڵێت:-

مخور فریب باین عنکبوت نفس خسیس

توباز دست شهی چون مگس بتار مپیچ[20]

ئەم دێڕەی مەحوی، ئەوە دەسەلمێنێ، کە بەشێکی ترسی گەورەی مەحوی لە ئاشکراکردنی ڕازی بینینی یار، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە تۆی ئەزموندار (سالك-سۆفی)، کە پێشتر ئەو پلەو پایە بڵندەت بەخۆتەوە نەدیوە، کە ئەو بڵندییە دەبینی، ئەوکاتە نەفسی خراپی جاڵجاڵۆکەئاسات حەز بەخۆهەڵکێشان و نیشاندانی گەورەیی خۆو (منیەتی) دەکات و دەیەوێت وەك مێش لە تارو داوەکانی خۆیەوە بتئاڵێنێ تا وەك (باز) نەتوانی بفڕیت، بەڵام تۆ وریابەو فریو مەخۆ، کە تۆ بوویت بە(باز)ی سەردەستی شا (خوا)و ئەو پایە بڵندەت دەستکەوتووە، ئیتر خۆت مەخەرە داوەکانی نەفس، چونکە گەر وانەکەیت ئەوا تێدەکەویت و شکست دەهێنێت و بزانە کە شکست:-

شکست طرز بجامانده تیرەگی خیز است

چو بادگرد زجا بر بخاکسار مپیچ[20]

مەحوییەك، کە پێشتر ستایشی مەجنونی کرد، کە ڕێبوار (سالك)ە و لە دەشتی نائومێدیدا بەردەوام بە دوای گەیشتن بەیاردا ڕێدەکات و ناتوانێ چاوەڕوانی بکێشێ. لێرەدا (شکست) پێناسە دەکات بە بەجێمان لە کاروانی چوون بەرەو دیداری یار، کەواتە ژیان یان چوون و ڕێبوارییە یان شکست و بەجێمانە، گەر چوونو ڕێبواریی مرۆڤ بە جیلوەو ڕۆشنایی یار بگەیەنێت، ئەوا شکست بەجێمانەو ئەوەش بەختڕەشیو تاریکی هێنەرییە. بۆیە ئەوکات تواناو جوڵەت لەبری چوون بەرەو ڕۆشنایی وەك توندەباو کونەبا بەسەرخۆڵەمێشدا —نەك ئاگرو ڕۆشنایی-دا هەڵدەکات.

دواجار مەحوی خۆی لە ئاستی ئەم ڕێگا پڕ مەترسییەی گەیشتن بەیاردا نابینێ، بۆیە دەڵێت:

مباش منتظر جلوه رخش (محوی)

تو مشت خار باین برق شعله بار مپیچ[21]

**پەراوێزەکان:**

1.الحلاج، الطواسين (مناجيات)، لا479.

2.هەمان سەرچاوە، لا 233

3.هەمان سەرچاوە ،لا 233.

4.هەمان سەرچاوە ، لا 479.

5.هەمان سەرچاوە ، لا 119.

6.هەمان سەرچاوە، لا 502.

7.هەمان سەرچاوە، لا504

8.بڕوانە: 5-3-2-2.

1 کەمەند: گوریسێکە سەرێکی وەك داوی لێدەکرێت بۆ فڕێدانی بۆ کەسێك یان نێچیرێك و دواتر توندکردنی لە ملی دا واتە کەرەستەیەکی جەنگی بووە لەکۆندا.

واتە: بە ئاگا بە لە داوی بەڵا، بۆیە خۆت بەزولفی یارەوە مەپێچە، کە تۆ ئۆقرەو گوریسی کەمەند بەندت نیە، خۆت مە پێچە لەشەڕ.

2.لە دەشتی نائومێدیدا دڵ ئاسودە بە وەك مەجنون بسوڕێرەوە، وەك فەرهادی کۆکەن خۆت گیرۆدەو پێچراوی کێوی چاوەڕوانی شیرین مەکە.

3.لە ڕووی نەگەیشتنەوە لە چاوی خۆت جۆگەلەی خوێن و لەو چەمەن و لا لە زارەدا خۆت لەقەدی داری سەرووی سەر جۆگاوە هەڵمەواسە و هەڵمەپێچە.

4.نی: بۆ نەفی بەکاردێت-هەروەها بۆ ئامێرێکی وەك شمشاڵ، کە لە قامیش دروست دەکرێت، واتە:- ئەی (زاهد) بەبێ‌هاتنی بۆنی عیشق لەجل و بەرگە زبرەکەتەوە (مەبەستی خەرقەو جلی خوری زاهدو سۆفیانەیە)، وەك ژێژك خۆت لەکاڵای درکەوە هەڵمەپێچە.

5.هەق گوتن بەڵا ویستی یە بۆیە بێدەنگ بە، لە (مەنصور)ی خۆتەوەو بەدەستی خۆت خۆت لە سێدارە مەدە.

6.خەتی ئەمڕۆ رومەتی سوپای بەڵایە، داوی زوڵفی سەد قەزاو قەدەر، لە سووڕانەوە بەدەوری حەزو مەترسیدا سەد جار بەئاگابەو خۆت بەمارەوە هەڵمەپێچە.

7.بەجاڵجاڵۆکەی خراپی نەفست فریو مەخۆ، تۆ بازی سەردەستی شاهیت، وەك مێش لە تاری جاڵجاڵۆکەی نەفست خۆهەڵمەپێچە.

8.شکست، وەك کەسێکی بەجێماو تاریکی هێنەرە، وەك توندەبا یان کونە با بەسەر خۆڵەمێشا هەڵمەکە.

9.مەحوی چاوەڕێی جیلوەی ڕوی یار مەبە، تۆی مشتێ درك خۆت لەم هەورە بروسکە ڕۆشنایی بارێنە هەڵمەپێچە.

10.حەق گوتن بەڵاویستیە بۆیە بێدەنگ بە، لە (مەنصور)ی خۆتەوەو بەدەستی خۆت، خۆت لەسێدارە مەدە.

11.بە ئاگابە لەداوی بەڵا، بۆیە خۆت بەزولفی یارەوە مەپێچە، کە تۆ ئۆقرەو کەمەند-کەمەند گوریسێکە سەرێکی بە بازنەیی وەك داوی لێدەکرێت بۆ فڕێدانی بۆ مرۆڤ یان گیانلەبەرێك و دواتر توند کرنی لەگەردنی بەکاردێت-ت نیە خۆت گیرۆدەو هەڵپێچراوی جەنگ مەکە.

12.لەدەشتی نائومێدی دڵەوە، ئاسودەو بێ باکانە دەست بکە بەگەڕان وەك مەجنون، وەك فەرهاد خۆت بەندو پێچراوی سەر کێوی چاوەڕێی شیرین مەکە.

واتە: مەجنون، سالکە هەر دەڕوات و نازانێ بە کوێ دەگات، بەڵام فەرهاد، چاوەڕێی بەختەوەری لە عیشقی زەمینی (شیرین) دەکات.

13.لەناسازگاری و لێڵی خۆتەوە لە چاوگی جۆگەی خوێن مەڕوانەو لەو چەمەن و لالە زارەدا خۆت لەقەدی داری سەرووی سەر جۆگاوە هەڵمەواسەو هەڵمەپێچە.

14.ئاماژەیە بە شیعرێکی سوهرابی سوپەهری کە دەڵێت:

چشم هارا باید شست، جوردیگر باید دید

وا ژەهارا باید شست، واژە باید خود باید،

واژە باید خود باران باشد

واتە، دەبێ چاوەکان بشۆیت، دەبێ جۆرێکی دیکە ببینی، ووشەکان دەبێ بشۆیت، ووشە دەبێ خۆی بێت، ووشە دەبێ خۆی باران بێت، بڕوانە:صالح حسینی، گلهای نیایش(شعرو نقد سهراب سپهری)، چاپ اول، انتشارات نیلوفر، تهران، 1375، لا135.

15.ئەی زاهد، کە لە جل و بەرگە زبرەکەت-مەبەستی خەرقەو جلی خوری زاهدو سۆفیەکانە-بۆنی عیشق نایەت، ئیتر وەك ژیژك خۆت لەکالآی درِك هەڵمەکێشەو هەڵمەپێچە.

16.حەقگوتن بەلآویستی یە، بۆیە بێ دەنگ بە، لە (مەنصور)ی خۆتەوە، بەدەستی خۆت، خۆت لەسێدارە مەدە.

17بەئاگا بە لە داوی بەلآ، بۆیە خۆت بەزوڵفی یارەوە مەپێچە، کەتۆ ئۆقرەو کەمەند-کەمەند گوریسێکە سەرێکی بازنەییە وەك داوی لێدەکرێت بۆ فرێدانی بۆ مرۆڤێك یان گیانلەبەرێك و دواتر توند کردن لەگەردنی بەکاردێت-ت نیە خۆت گیرۆدەو هەڵپێچراوی جەنگ مەکە.

18.بڕوانە: 4-1-2-1.

19.خەتی ئەبرۆو ڕومەتی سوپای بەلآیە، زوڵفی داوی سەد قەزاو قەدەر، لە سوڕانەوە بەدەوری حەزەرو مەترسیدا سەدجار بەئاگا بەو خۆت بەمارەوە هەڵمەپێچە.

20.بەجاڵجاڵۆکەی خراپی نەفست فریو مەخۆ، تۆ بازی شاهێنەریت، خۆت وەك مێش مەخەرە تارەکانی و خۆت لێی هەڵمەپێچە.

21.شکست وەك کەسێکی بەجێماو تاریکی هێنەرە، وەك توندەبا یان کونە با بەسەر خۆڵەمێشا هەڵمەکە.

22.مەحوی چاوەڕێی جیلوەی ڕوی یار مەبە، تۆی مشتێك درِك خۆت لەم هەورە بروسکە ڕۆشنایی بارێنە هەڵمەپێچە.